

# ئاشی خوێن و دووکەڵانی شووم


**عومەر عادل عەبدوڵڵا**

**(کەلار)**


پرچەکانم، لە خۆشیدا... لە خۆشی ئازادیدا، خەریکە دەبن بە پەڕەسێلکە و دەفڕن، دەڵێی باڵندەیەکن و تازە دەرگای سەربەستییان بەڕوودا کراوەتەوە. چاوەکانم، لە پشت پەرژینی ترس و دڵەڕاوکێوە، وەک تیشکی سەروو بەنەوەشەیی لە ئاوێنەی ژیان دەدەنەوە و دووبارە تەزووی وزە و گوڕوتین بە بوونم دەبەخشنەوە. هەنووکە، وەک ئەو نەوبەهارەم کە لە وەرین سڵ ناکاتەوە و باوەشێک دڵنیایی لە مشتدایە و خونچە تازەپشکوتووەکانی لە هەوا و سروشتی خۆی ناوە.

بە چاکەتێکی سوورەوە، بە کاڵایەکی کوڕانەی پێست ئەستوورەوە، بە نیوەلەچکێکی زۆرەملێوە، کە دەڵێی تەڵەیە و پرچەکانمی گرتووە، لە نێوان ماڵئاوایی خۆرەتاو و نەرمە هەنگاوەکانی زەردەپەڕدا، لە ژێر پرچە وەریوەکانی پیرەپاییزدا، پێم لە پەراسووی گەڵا کەوتووەکان گیر دەبێ و یەک یەک قرتەیان لێوە دێ؛ هەمان ئەو قرتەیەی لە ئانوساتی شکانی ئیسقانی گیانلبەرێکدا بەدی دەکرێت. گەڵا وەریوەکان، بێدەنگ و بێسرتە ئێسکوپرووسکەکانیان لە ژێر زەبری پێڵاوەکانمدا ورد ورد دەبوون، بێ ئەوەی دەستی فریادڕەسێک بۆ ئەو ڕەشەبایانە بەرن کە لە ژێر قرتان و شکان ڕزگاری دەکردن، بەرۆکم لە بەرۆکی گەڵا کەوتووەکان دەبێتەوە و بەدەستی چەپدا بەرەو ماڵەوە هەنگاو دەنێم.. لە دوورەوە، پێش ئەوەی بە کۆڵانەکەی خۆمان بگەم، دەنگ و هەرایەک تێکەڵ بە وڕەی گوللە و ساچمە دەبیستم، هەوایەک لە دووتوێی خۆیدا، پاڵ بە دووکەڵێکی شوومەوە دەنێت، دووکەڵیش لەگەڵ خۆیدا، قیژە و هاوار و دادوبێدادێک دێنێت، دادوبێدادێکی ڕەسەنی کوردانە. من دەمزانی ئەو دەنگە حەشری کوردە و لە کەژی ستەم و نادادییەوە دەنگ دەداتەوە و دەیەوێت بانگی نەبیستراوی خۆی بە گوێی کەڕی جیهاندا بگەیەنێت. ئاخر کورد بەوە دەناسرێتەوە، کوردانە دەگری و کوردانە دەپۆشی و کوردانە دەژی و کوردانە

دەمرێ و کوردانە شەهید دەکرێت.

ژمارەی کوژراوانی کورد، بە دەست نەتەوەکانی ترەوە، لە ژمارەی هەموو ئەو باڵندانە زۆرترە کە بە درێژایی مێژوو بەر ساچمە و گوللەی ڕاوچییە خەونکوژەکان کەوتوون، لە ژمارەی ئەو ماچانە زۆرترە کە برک دراونەتە نێو ڕەشاوی یادگارییەکانەوە، ئەگەر ژمارەی کوژرانی کوردەکان بخرێنە تای ترازووی گەردوونەوە، ئەوە زەوی بەسەر میچی گەردوونەوە بەردەبێتەوە و لە بۆشاییدا خۆی ون دەکات.

هەردوو پێم ڕێبەریم ناکەن بۆ چوونە پێشەوە و مێشکم هەرگیز لە ناردنی برووسکەی ترس و مەرگ و گومان بۆ پێم ناوەستێت و لە مەترسییە خوازراوەکان ئاگادارم دەکەنەوە، کە پێشتر بیلبیلەی چاوەکانم تۆماری کردوون و لە تۆمارگەی مێشکدا هەڵگیراون. هەنگاو دەنێم.. مێردمنداڵێک بەخێرایی کەڵەئاسکێک بە لامدا تێپەڕ دەبێت، لەوە دەچێ قورتار بووی فەلاقەی ئەو دوژمنە بێ، کە ڕۆڵی کارەکتەری باوەژنی هەیە و لە پشت ئەو دووکەڵانەوە بە کوتەکی مەرگەوە خۆی حەشار داوە، چونکە خۆحەشاردان، بەشێکە لە مێژووی مرۆڤ، چ ڕاوکەر بێت، یان ڕاوکراو، ئەگەر ڕاوکراو بێت لە ترسی ڕاوکردنی، خۆی حەشار دەدات، ئەگەر ڕاوکەریش بێت، بۆ نێچیرەکەی خۆی حەشار دەدات. سەگێک بە پێی خوێناوییەوە سەری خستووەتە خوار و بە کلکێکی شۆڕەوە بەقەد دیوارێکدا تێپەڕ دەبێت، پێیەکانی لە خوێن گیراون، هەر دەڵێی خوێنەشێلەی کردووە، خۆ ئێمە ئاژەڵەکانیشمان بە دەست دوژمنانەوە پرشی خوێنیان بەرکەوتووە و خوێنەمەلە بەشێکە لە مێژووی پڕ ستەمی ئاژەڵەکانمان.

بەردەوام بووم.. بەردەوام بووم لە هەنگاونان بەرەو هەناوی ئەو دووکەڵانە کە ئاگرەکەی بە جەستەی کورد خۆش دەکرێت. کە گەیشتمە ئەوێ و ڕوانیم.. ئەو کۆڵانە دەتگوت ئاشی خوێنە و دەستێکی نەفرەتی سووڕی داوە، دەتگوت بەشی دووەمی هۆلۆکۆست لێرە نمایش دەکرێت، دەتگوت هۆلاکۆیەکی تر لە دایک بووە و دیسانەوە کوشتارێکی دیکەی لە بەغدا خوڵقاندووە. ئەو دیمەنەی کە بەرچاوم کەوت، هیچ لە دیمەنێکی ئاسایی ڕۆژانە نەدەچوو، بەڵکوو زیاتر بە پارچەیەکی ئەو فیلمانە دەچوو، کە گوزارشتی لە جەنگە خوێناوییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەکرد.

لاشەیەکی خوێناوی پشتی بەقەد دیوارەکەوە بوو، دوو سێ تەرم بەسەر یەکەوە کەڵەکە کرابوون، دووکەڵەکە خۆی بە دەروازەی کونەلووتمدا دەساوی و چاوەڕوانی خوڵکی گەرمی مەرگە. زۆربەی تەرمەکانم ناسییەوە، هەندێکیان هاوڕێی منداڵیم بوون و بەشێکی دانەبڕاوی ئەو ڕۆژانە بوون، کە گریان و پێکەنینمان وەکوو نانێک دەکرد بە چەند بەشێکەوە و لە نێوان یەکتریدا برا بەشمان دەکرد.

لە نێو ئەو هەموو تەرمانەدا، ئاشناترین تەرم کە بینیم، کامەرانی برام بوو، دوو فیشەک بە سنگییەوە نرابوو، وەک بڵێی فیشەک و بارووت سەرگەردانێکی بێلانە و جێگەن و شێوەی لانەکەی خۆیان لە نێو قەفەسی سنگی لاوێکی کورددا دەبینییەوە. کامەرانی برام، زیاتر لە کامەرانی و شادی، سەربەستی و ملکەچ نەبوون لای بە بەهاتر بوو. ئەو هەردەم دەیگوت: ژیانێکی ملکەچانە، بە لامەوە زۆر لە مەرگێکی سەربەستانە خوێنتاڵترە. هەموو سەرکێشییەک باجی خۆی هەیە؛ کامەرانی برام و هاوبیرەکانی بە مەرگ ئەو باجەیان دا.

لە هەڵوێست و کۆششی ئێمەدا، کانیاوەکانی خۆڕاگری دەتەقینەوە و جۆگەلە خوێنەکانی کوردبوونمان دەژێنەوە، من بە گومان نیم لەوەی ئەو کانیاوانەی لە نێوان بەردەشانی سروشتەکانی کوردستاندا، هەڵەکەسەمای هاتنەوەی سەرەوەیانە، خوێنی پاڵێوراوی شەهیدەکانمان بن، پاشان ماوەیەک بووبن بەو ئاوە پاراو و تەمیزەی کە سینەی ئەو کەژ و بنارانە شەق دەکات و لە نێوان ڕانی سروشتدا دێتە دەرەوە و خۆی بە عەورەتی ئەو خاک و زەوییەدا دەخشێنێت و پاتی دەکاتەوە. مەرگ هیچ نییە، جگە لە بەشێک لە چارەنووسەکانی تری ژیانمان، کە دووچارمان دەبێتەوە.